وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم ڕێژەی گەدانەوەی ئاوی 48 کاتژمێری ڕابردووی ڕاگەیەند

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ڕێژەی بووژانەوە و گەدانەوەی ئاوی 48 کاتژمێری ڕابردوو، لە بەنداوە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند؛ بەنداوی دووکان زەرترین و بەنداوی دهۆک کەمترین ڕێژەی ئاوی گلداوەتەوە.

ئەمە سەشەمە، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکدا ڕێژەی بووژانەوە و گەدانەوەی ئاوی هەر سێ بەنداوی سەرەکیی هەرێمی کوردستان، بەهۆی شەپۆلی باران بارینی 48 کاتژمێری ڕابردوو بەاوکردەوە.

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ، لە ماوەی 48 کاتژمێری ڕابردوودا ئاستی ئاوی بەنداوی دووکان 77 سانتیمەتر بەرزبووەتەوە و بە قەبارەی 84 ملیۆن مەتر سێ جا ئاوی گلداوەتەوە.

وەکو ئەوەی لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژەی پێ دراوە، لەو ماوەیەدا، 16 ملیۆن مەتر سێ جا ئاو لە بەنداوی دەربەندیخان گلدراوەتەوە و ئاستی ئاوی بەنداوەکە 24 سانتیمەتر بەرزبووەتەوە.

لەبارەی بەنداوی دهەکیش، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئاماژەی بەوە کردووە، لە ماوەی 48 کاتژمێری رابردوودا 300 مەتر سێ جا ئاو لە بەنداوی دهەک گلدراوەتەوە و ئاستی ئاوی بەنداوەکەش 20 سانتیمەتر بەرزبووەوە.